# مەرگی وشە

هاشم سەڕاج

(١)

خرنگە خرنگی زنجیری زێڕی کەمەرت
سرتەسرتی مۆسیقای مۆری کەفەڵت
زرنگەزرنگی زریزە زیوییەکانی
دەسەڵاتی ڕستە
دەزرنگێنێ

(٢)

شەو بەسەر مەستی پێم گوتی
هەموو دەسەڵاتێک
فاشییە
دەسەڵاتی جوانی
دەسەڵاتی تەمەن
دەسەڵاتی خاووخێزان
دەسەڵاتی زمان
بەڵام زایەند
لەززەتدارترین و



فاشیترین
دەسەڵاتێکە لە ئاگر !

(٣)

ئەی شەوچرای
ماڵی تاریکی شیعر
منی (گەبر) چۆن
هەڵوەدای
هاڵاوی
گەردنت نەبم

(٤)

ئەی پەرێشانترین ڕێبواری
ڕێگا تەمتومانییەکانی بوون
ئەی خۆم
لەم باخی سوورەی ئەزەلدا
چیت دابوو
لەو گەشتە بێهوودەییە
بەخولیاگەلێکی شێتانە
رووەو
زوورگ و زۆنگ و زەلکاوەکانی
ئاڵۆش
چوست و چاپووک
هەنگاوت دەنا و گوڵە
لاولاوی سپی وشیلەی
شکۆفەی یاقووتی سەوز و
لاسکە ئاقاقیای شینت
لەلەشی
رووت و قووتی
زەرییەکانی میهر
دەئاڵاند و
گۆپکەی تازە فەریکی
کریستاڵی سینەی
کچانی ئەمازۆن و
ژنانی ڤێستات
رادەمووسی
تا سوور سوور هەڵدەگەڕان
ئەنجا
لە
قاقاگەلی
سێکساویت دەدا قاقاقا
بەچرپە چرپی
زەرد و نەرم وعەترناک
خەڵقندە وشتگەلە
ئاوی و وشکانییەکانت
ناوزەد دەکرد
نەتدەزانی
کەشەو دادێ
تێکڕای
رووخسارە جوانەکان
مانەندی
باخێک لە خۆڵ و خەڵووز
ڕەشدەچنەوە و
ئاگری ئاڵی زمانیش
سەرتاسەری گەردوون
دادەگرێ !

(٥)

وشە کەپسوولێکی
حەشیشاوییە
لە ئازادییەکی ڕەهادا
وزە چەپێنراوەکانی ڕۆح
دەردەبڕێ و
پاشان لە لەززەتخانەکانی
عیشق و
تاسە وشەیداییدا
سەردەنێتەوە

(٦)
ژیان فەنتازیترین ڕەزێکی فەزا
ڕازیانەییە
مەرگیش هێشووە ترێیەکی
پەژمووردەی خۆڵەکەوەیی
(٧)
رووخسارت تێکستێکی
کراوەی بێ سەرەتا وکۆتایە
شاراوەترین
شرۆڤەی زەمین وگیان
بە دەوریا دەگەڕێ و
پرشنگە ئاڵۆزاوەکانی
جوانی پەتی
مانا شیلەییە چێژبەخشەکان
ڕووەو ئاگردانی
عیشق ڕادەماڵێ
(٨)
کاتێک
بەحەسرەتەوە دەزانی
لە خشتە بردنەکانی زیندەگی
بەماسکەکانی مەرگ
داپۆشراون !
(٩)
خوێنەر
ئەی چلێسیترین بەرخۆری
سپاگێتییەکانی وشە
وەی خاوەندی گیانێک
لە پەشمەکە شینەکانی نەبات و
هەلایلە هەڵاڵەییەکانی عیشق
ئەو دەمەی
بە کۆنسێرتەکانی
بونیادی ڕووکەش
مەست وحەیرانی
ماسکەکانی هێما
هێدی هێدی
بەئاوازێکی
غەمگین پێشوازیت لێ دەکەن
(١٠)
لالەیەک لە نێوان دووشەمدا
چەند جوان دەسووتێ
پاژگەلێک پرشنگی یەزدانی و
تۆزقالێک
خەمۆکی زیندەگی تیایە و
بەلەنجە و گریشمە
نووریێکی نارنجی ئاراستەی
جەنگەڵی دڵ دەکا

(١١)
دەمەو سەحەر لەخەو ڕابووم
دەروونم لێوانلێو
لە عیشق وشەیدایی
بیرم لە هیچ دەکردەوە
جگەرەیەکی وشترم داگیرساند و
لێوانێک شەرابی شینم نۆشی
با گەمەی
بە ئاڵتوونی قژی دەکرد و
قیبلەی ڕووخساری ئاڵۆزی
بۆن و بەرامەی بەختەوەری
دەپرژاند
خەیاڵم بۆئەوە نەدەچوو
ئەو ئاگرە تەڕ و برۆنزییەی
کە دەوری
گیانی داوم و بە
پرشنگ وتیشکە
دۆزەخییەکانی ئەڤین
سیستمی پەرش وبڵاوی

فارماكۆنیەتی زەمان
كۆكایینرپێژدەكا
بەم دەمودەستە
گەنجی دڵم چەپاوبكا
بینابیم خوێنی تێدا نەدەگەڕا و
سۆزی ئاگرینی دەروونم
هەرلەخۆوە
هاوسەنگییەكانی عیشق وترس و
بەختەوەری و
زەنگیانەكانی ئازاری لەدەستدەدا
هۆشم تێكەڵ وپێكەڵ
بێدەنگتر
لە كەڤرێكی
قەشەنگی تێهەڵدراوی
سەرزەمینەكانی سرووشت
با لێكسیكی چێژوپەژارەی
هەڵدەوەشاندم و
پاپیرۆسەكانی حەز وئومێد
بەسەماوە
باڵیاندەگرت
لەدوورەوە
لوورەی گورگێ دەهاتە گوێم
زەینم دەیگوت
هەمیشە ژیان خۆشترە لەمەرگ
بەڵام
ئەبەدیەت تێكەڵبوونی
تاهەتایەی
ئاوازە حەسرەتاوییەكانی فۆنیمە
بەماسكە نادیارەكانی مۆرفیم !
گوتم سۆفیا ئەی سۆفیا
ئەی شۆخانیترین خەڵقندەی خودا
وەی زەمهەریرترین ئاوازی
بێ ڕەچەڵەكی
سەردەمی من !
جیهان لەوحێكی زمڕووتی
پڕاوپڕ
لە ئاماژەی خەیاڵاوییە و
سەمای پیتە سەرشێتەكانی
سەر كاغەز
كایەی مووروووە جوان و
خەفەتبارەكانی
سەرابستانی گیانە
ئەنجا گوتم
رۆژێ دادێ منیش دەمرم
جەستەی ڕەونەقداری وشە
وەكو دووكەڵی جگەرە
لەنێوان هەورە شینەكانی ئەزەل
پەرشدەبێت
بەمجۆرە دەربارەی
ماڵە تاریكەكانی پەیڤ دەدواین و
پیت
ریتم و نیشانە و كۆدەكانی تێكستی
تارو ماردەكرد
جارجارەش شەبەنگی
خەیاڵێكی شێوە قەترانی
دەیبردمەوە و
بەزەردەخەنەیەكی مۆری وڕێناوی
رست رست وشەم دەبزڕكاند
سیحری جوانی
ئاست و ئاراستەی ئاخاوتنی
لێ دەشێواندم و شێتنەدەبووم !
ئەی خودا
چەنێ غەمگین و ئاڵۆز و تەموومژاوییە
یادەوەرییە تەنك وسركەكانی زیندەگی
چەنێ وێرانكەر وخەتەرناكە جوانی !
٢٠٠٨/٥/٣٠